# یەگرتووی ئیسلامی... هێزێك بەرەو داڕمانێکی کوشندە

**هەڵگورد سەمەد-هەولێر**

halgurdrzgary@yahoo.com



ئەم نووسینە لێکۆڵینەوەیەکی خێرای فیکری و سیاسی و کاری یەکگرتووی ئیسلامیە لەماوەی چەند ساڵێك بەر لە ڕاگەیاندنی تاکو ئێستا کە بۆتە حیزبێکی حیساب بۆ کراوە لە گۆڕەپانەکەدا، لێرەدا هەوڵمداوە دوور لە هەر جۆرە هەڵچوونێك و لایەنگری بۆ ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو و جیا لە شێوازی نووسەرانی دی خوێندنەوەیەکی بابەتی بۆ ڕابردوو و ئێستا و ئایندەی ئەو هێزە سیاسە بکەم.

## -یەکگرتوو لە سەرەتای ڕاگەیاندنیەوە:

پێش هەموو شتێك دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئێمە جیا لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی دی دەدوێین کەوا قسەیان لەسەر ئەم هێزە کردووە، لێرەدا هەوڵ دەدەین تا ئەپەڕی بابەتیانە و بێ لایەنانە بدوێین و سەرنجەکانمان بخەینە ڕوو و ڕەخنەی جدی ڕووبەڕووی ئەو حیزبە ئیسلامییە بکەینەوە و گفتوگۆ بکەین لەتەك حیزبێکدا کە کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە ساحەی سیاسی کوردی لە باشوری کوردستان و لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا، دوور لە هەر جۆرە ناو زڕاندن و قسەیەکی نابەجێ، هەرچەندە پێمان وایە بۆ تێگەیشتن لە تەواوی کایەکانی یەکگرتوو و مێژوو و کاری یەکگرتوو پێویستی بە چەندین لێکۆڵینەوە هەیە، بەڵام ئێمە تا پێمان بکرێت بۆ چوون و سەرنجەکانمان لەم نووسینەدا کورت و چڕ بکەینەوە.

دەبێت بەر لە هەر شتێك ئەوەمان لەبەرچاوبێت کەوا یەکگرتوو بەر لە ڕاگەیاندنی خۆی لە ساڵی(1994) حیزبێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو ڕێکخراوێکی ئیسلامی دەعەوی بوو، بە نهێنی کاری دەکرد، ئەو کات لەبەرئەوەی بە ڕەسمی وەکو حیزبێك نەناسرابوو و مۆڵەتی یاسایی نەبوو، نەیدەتوانی بە ئاشکرا مومارەسەی کاری سیاسی خۆی بکات و بچێتە ناو گەمە سیاسیەکانەوە، بۆیە تەنیا کاری بانگەوازی ئیسلامی بوو، هەرچەندە ئەوکاتیش حەزی چوونە ناو گەمە سیاسیەکانی هەبووە، ئەوەتا لە هەڵبژاردنی 1992ی پەرلەمانی کوردستان لیستی ئیسلامیەکان ئەوانیشی تێدا بوو، بەڵام بە ناوێکی سەربەخۆ نەبوو و نەشیانتوانی دەنگێکی ئەوتۆ بەدەست بێنن.

لامان ڕوونە یەکگرتوو وەك حیزبێکی سیاسی ئیسلامی لە ساڵی(1994) لە باشوری کوردستان بەرەسمی خۆی ڕاگەیاند و مۆڵەتی حیزبیی وەرگرت، بۆ ئەو سەردەمە یەکگرتوو تەوژمێکی تازە بوو لە گۆڕەپانی سیاسی کوردیدا، هەر لە سەرەتاوە کە بێ میلیشیا و بێ چەك بوو ئەزموونێکی نوێی حیزبایەتی بوو لە ناو کورد لە کاتێکدا باوی چەك و میلیشیا و هێزی چەکداری بوو لە کوردستاندا و شەڕێکی خوێناوی هەڵگیرسا بوو و کوردستان لە لێواری کوشندەترین شەڕیشدا بوو، دیارە ئەزموونی یەکگرتوو تا ڕادەیەك گرنگ بوو و خەڵکێکی زۆر تەمایان پێی هەبوو تاکو گۆڕانکارییەکی گەورە بخولقێنی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

یەکگرتوو پێش ڕاگەیاندنی زیاتر لە ڕەوتێکی ئیخوانی بانگخواز دەچوو لەوەی مۆرکی حیزبێکی سیاسی پێوە دیار بێت، دوای ڕاگەیاندنیشی ئەوەندەی ئیلهامی لە ڕێبەری ئیخوان(حەسەن بەننا) وەردەگرت و کاریگەر بوو بە هەڵس و کەوت و کردارەکانی ڕەوتی ئیخوان موسلیمین لە وڵاتە جیا جیاکانی جیهان و دەیویست کردارەکانی ئەوان لە کوردستان دووبارە بکەنەوە، لە سەرەتاوە هێزێك نەبوو خوێندنەوەیەکی قوڵ و تایبەتی خۆی بۆ کۆمەڵگای کوردی هەبێت و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کردبێت، لەبەرئەوەی ئەویش هەڵگری هەمان ئەو عەقڵیەتە گەردوونیەیە کە ڕەوتی ئیسلامی بە تەوژمە جیا یاکانیانەوە لە سەرتاسەری دونیا پێیەوە وابەستەن، ئەو عەقڵیەتەی پێی وایە دەتوانێ و دەبێت هەموو جیهان ئیسلاح بکات، وا دەزانن مادامەکێ ئەوان ناویان"ئیسلامی"یە دەبێت ئیدی لە دواجاردا جیهانییش بیت وەك ئیخوانەکان لە جیهاندا، ڕەنگە دەستەواژەی"جیهانی" بۆ دینەکان تا ڕادەیەك گونجاو بێت، بەڵام بۆ تاکە حیزبێك ئەمە جگە لە خەیاڵێکی خەڵەتێنەر و وەهمێکی بێ مانا هیچی دی نیە، چونکە بە ئەزموون بینیمان ئەوانەی ئەم خەیاڵانەیان هەبوو سەرەنجام خۆیان گیرۆدەی دەیان گرفت کرد و پووکانەوە.

## -کاڵبوونەوەی بەها ئیسلامیەکان:

مۆرکە بانگخوازیەکە و بەها ئیسلامیەکان تا چەند ساڵێکیش دوای ڕاگەیاندنی یەکگرتوو هەر بەهێز بوون، بەڵام دواتر بەرە بەرە کاڵ

دەبوونەوە، دەتوانین بڵێین ئەم حاڵەتە لە دوای ساڵی(2000)ەوە بە زەقی هەستی پێ دەکرێت، بە تایبەت لەو کاتەی کەوا یەکگرتووی ئیسلامی بە هەموو قورسایی خۆیەوە چووە ناو گەمە سیاسیەکان و لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی کرد، تا ئەم ساتە وەختەش کە ئێمە قسەی تێدا دەکەین بەها ئیسلامیەکانی سەرەتا زۆر کاڵ بوونەتەوە و کاڵتریش دەبنەوە، بەتایبەت لە ناو شارەکان و لە دام و دەزگاکانی یەکگرتوو و رێکخراو و سەنتەرەکانی سەر بە یەکگرتوو، هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە زۆرن بەڵام دیارترین هۆکارەکان ئەمانەن: کێبڕکێ و مونافەسەی یەکتر زۆر جار جێگا بە بەها ئیسلامیەکان لەق دەکات و لای ئەندامانی یەکگرتوو بەرەو کاڵبوونەوە دەچن، بەو مانایەی لەو کاتەدا ئەو بەها ئیسلامیانە لەبەرچاو ناگیرێن کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی، بۆ نموونە ئەوەی دەڵێت:"تۆ چیت بۆخۆت پێ خۆشە دەبێت هەمان شتیشت بۆ برا موسڵمانەکەت پێ خۆش بێت" ، هەروەها چەندان دەق و بەهای تری هاوشێوەی ئەمە سفر دەبنەوە لایان وەك لە کاتی بەشینەوەی ئەو پۆستە وزاریانەی دراون بە یەکگرتوو تا کورسیەکانی پەرلەمان یا ئەو کورسیە دیاریکراوانەی لە کۆلێژێك دەدرێنە یەکگرتوو و دواتر بەو کەسانە دەدرێن کە بەرپرس و دەستڕۆیشتوون لەناو یەکگرتوودا، لە کاتێکدا بەڵێن بە ئەندامانی تر درابوو کە ئەگەر کورسیەك لە فلانە کۆلێژ وەربگیرێت بۆ حیزب ئەوا ئەو یەکەم کەسە پێی دەدرێت، کەچی وا نەبوو، تۆ لێرەدا سەیر دەکەی هەموو ئەو دەق و فەرموودانەی لە بارەی وەعد و بەڵێنەوە هاتوون سفر بوونەتەوە و حیسابیان بۆ نەکراوە، بۆیە لێرەدا گومانی ئەوە دەبرێت کە رەنگە دەقە ئاینیەکان کە یەکگرتوو باوەڕی پێیانە بۆ بەرژەوەندی کەسە تایبەتەکان و هەندێ کەسی دیاریکراو بەکار دەهێنرێن، نەك بۆ بەرژەوەندی گشتی و هەموو ئینسانەکان بەبێ جیاوازی، ئەمە قسەی برادەرێکم دێنێتەوە یاد کەوا ئەزموونێکی زۆری هەیە لە ناو حیزبە ئیسلامیەکان کە دەیگوت:"رەنگە ئاسانترین شت بەلای هەندێ لە ئیسلامیەکانەوە شەرعاندنی هەندێ شت بێت بۆ خود، لە کاتێکدا لەوانەیە ئەو شتە لە ئایندا بە کارهێنانی بەو شێوەیە بۆ بەرژەوەندی کەسیی تابۆ بێت" بۆیە ئەمە وایکردووە هەندێ ئەندام و لایەنگری یەکگرتوو کە ئەم شتانە دەزانن بتۆرێن و بێزارببن لە هەڵس و کەوتی ئەو ئەندامە پایەبەرزانەی یەکگرتووی ئیسلامی.

## -گەنج وەك دەستەمۆیەکی هەمیشەیی حیزب:

هەمووومان ئەو راستیە دەزانین کە لە کۆمەڵگادا ئاسانترین توێژ بتوانیرێ کاری لەسەر بکرێت و بە کەمترین ماوە زۆرترینی تاکەکانی لە دەوری خۆت کۆ بکەیتەوە توێژی گەنجانە، بە تایبەت لە تەمەنی هەرزەکاری و گەنجی، چونکە هەرزەکار و گەنجان بە شێوەیەکی گشتی کەم ئەزمونن لە ژیاندا و لێکدانەوە و خوێندنەوەی قوڵیان نیە بۆ دیاردەکانی دەورو بەریان و بە ئاسانی باوەڕ بە قسە و بەڵێنەکان دەکەن و دەکەونە ژێر کارگەریانەوە، بۆیە حیزبە کوردیەکان و لەناویشیاندا ئیسلامیەکان ئەە باش دەزانن بۆیە هەوڵەکانیان زیاتر بۆ کۆ کردنەوەی گەنجان چڕتر کردۆتەوە و لە ریزەکانی یەکگرتوو بە روونی هەست بەم مەسەلەیە دەکرێت، بۆیە لە سەرەتای راگەیاندنیەوە یەکگرتوو بۆ کۆ کردنەوەی زۆرترین گەنج لە ریزەکانی خۆیدا کارێکی رێکخراو و چڕو پڕی کردووە کە من ئەمە بە مافێکی رەوای خۆی دەزانم وەك هەر حیزبێکی دیکە، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە و پێویستە قسەی لەسەر بکرێت ئەوەیە یەکگرتووش وەکو حیزبە کوردیەکانی تر بەتایبەت پارتی و یەکێتی لەسەر بێ هەڵوێست کردنی گەنج کاری کردووە، لە یەکەم وانە کە بە ئەندامە گەنجەکانیان دەڵێنەوە ئەوەیە دەبێت گوێڕایەڵی سەرووی خۆیان بن و بە هیچ شێوەیەك لە ئەمرو فەرمان و قسەکانیان دەرنەچن، ئەگەر رەخنەشیان هەبوو دەبێ اە سنوور و چوارچێوەیەکی دیاریکراودابێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا سنووردار کردن و لە قاڵبدانی ئازادیە کەسیەکانی هەر مرۆڤێکە کە خاوەنی عەقڵ و دیدگا و تێڕوانینی تایبەتی خۆیەتی بۆ مەسەلە و دیاردەکانی دەوروبەری، بۆیە تاوەکو ئێستاش تۆ نابینی ئەندامێکی یەکگرتوو لە رووپەڕی رۆژنامەیەکدا رەخنەیەکی جددی رووبەڕووی ئەو حیزبە بکاتەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو لەبەرئەوەی ئێستا یەکگرتوو لە حکومەت بەشدارە، نابینین دەزگایەکی راگەیاندنی ئەو حیزبە، رۆژنامەیەکی، رۆشنبیرێکی رەخنەیەك لە حکومەت بگرێت سەرەڕای ئەو هەموو گەندەڵی و لار و لەوێرییەی هەیە، بەڵکو زۆرجار کەوتوونەتە بەرەی حکومەت و دیفاعیان لە کەم و کوڕیەکانیشی کردووە و پاساویشیان بۆ هێناوەتەوە.

یەکگرتوو هەمیشە گەنجی وەك داردەستێکی خۆی بەکارهێناوە، وەك لە کاتی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و پەرلەمان و هەڵبژاردنە بێ ماناکانی قوتابیان و خوێندکاران، لاو ئەو داردەستە کاریگەرەی حیزب بووە زۆرجار ویستوویەتی لە رێگەی ئەوەوە بازووی خۆی بە بەرامبەر نیشان بدات.

تا گەنج بەو قۆناغانەدا نەڕوات کەوا یەکگرتوو بۆی داناون ناتوانن پۆستی گرنگ وەربگرن چ لە حیزب و چ لە حکومەتدا، ئەگەر ئەو گەنجە کە ئینتیمای بۆ یەکگرتوو هەیە خاوەنی ماستەر و دکتۆراش بێت، دەتوانین بڵێین هەمان ئەو سیستم و پێوەرە سەقەتانەی لە حیزبێکی لینینیدا هەیە لە ناو یەکگرتووشدا پەیڕەو دەکرێت، بە هەمان شێوەی حیزبەکانی تر ترسی لە گەنج هەیە، ئەو حیزبە ترسێکی ئەزەلی لە گەنج و سەرکێشیەکانی هەیە، بۆیە هەمیشە لە بری ئازادکردن و دەست کردنەوەی رێنموونی(توجه) و وەعزیان بۆ دەدات، دەیەوێت لاو بکات

کارەکتەرێکی وا کە هەردەم بە خواستی ئەو بجولێتەوە و هەڵس و کەوت بکات و بێت و بڕوات، لە جیهانێکی پڕ ژاوە ژاو و تێك قژقژاودا کە هەموو کەسێك خاوەنی قسە و هەڵوێست و کەسایەتی خۆیەتی، گەنج خاوەنی قسەی خۆی نەبێت، ئەمە گرفتاریەکی تری لاوی کوردە بە دەستی حیزبە ئیسلامیەکانەوەیەکگرتوو سەنتەرێکی لاوانی داناوە بە حیساب بۆ هەموو لاوانی کوردستانە و بەناوی سەربەخۆ کار دەکەن، کەچی لە کۆنفرانسێك بەرپرسی گشتی ئەو سەنتەرە گوتی:" سەنتەر بۆتە شوێنی ئەندامە تۆراوەکانی حیزب" بەو مانایەی ئەو ئەندامە لاوانەی لە حیزب تۆراون لەوێ دڵیان چاك بکرێتەوە و ئاشت بکرێنەوە لەگەڵ حیزب، کەواتە ئەوەش کەناڵێکی تری یەکگرتووە بۆ دووبارە دەستەمۆ کردنەوەی لاوان.

لە کۆڕێکی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کاتێك برادەرێکی ناو ڕێکخستنەکانی یەکگرتوو ڕەخنە لە پەرلەمانتارە یەکگرتووەکان دەگرێت، لە بری وەڵام دانەوە و دەستخۆشی لێ کردنی و هاندانی، دوای تەواوبوونی کۆڕەکە ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیەی یەکگرتوو بە یەکێك دەڵێت کە بەو گەنجە بڵێت:" تۆ داهاتووت باشە لە ناو حیزبدا، چونکە ڕۆژنامەنووسێکی دیاری، بەم قسانە لەخۆتی تێك مەدە!"

تۆ سەیر بکە ئەوە قەناعەتی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووبێت و بەو لۆژیکە بدوێت، دەبێ چ تەمایەکت بەو حیزبە هەبێت کەوا ڕەخنە قبوڵ بکات و بێت گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا بکات.

یەکگرتووی ئیسلامی لە هەموو حاڵەتەکاندا کارەکتەرێکی بێ هەڵوێست و زار پڕ"بەڵێ"ی ویستووە، نەك کەسێکی بزێو و پڕ جووڵە و بە هەڵوێست و ڕچەشکێن و کەوشەن بەزێن،بۆیە یەکگرتوو هەمیشە ترسی لە سەرکێشیەکانی گەنج و هەڵوێستە بوێرەکانی هەیە، ئەگەر کەسێك پێی وایە یەکگرتوو ئەو ترسەی لە گەنج نیە ئەدی بۆ لە سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا تاکە گەنجێکیش نیە، ئەی بۆ متمانە نادرێت بە گەنجێك بچێتە مەکتەبی سیاسی یەکگرتووەوە، گەنج لە فەرهەنگی یەکگرتوودا داماوترین و بەدبەختترین کەسە، چونکە هەردەم بە چاوی گومانەوە سەیری کراوە و بە هۆی بچوکترین قسە یا کردەوەیەك کە بە عەقڵیەتی حیزب نەیخواردبێ دەیان ناو و ناتۆرەی لێ نراوە و وەك کەسێکی لادەر و سەرەڕۆ و کاڵفام سەیر کراوە.

یەکگرتوو هێزێك نیە توانیبێتی دەیان گەنجی چاو کراوە و چاپووك و بە هەڵوێست و ئازاد لە قسە و کردار پەروەردە بکات و لە کۆمەڵگادا قسە و هەڵوێستی کاریگەریان هەبێت، هەمیشە لەسەر بێدەنگ کردنی گەنج کاری کردووە، هەردەم نیشانەیەکی پرسیاری گەورەی داناوە لەسەر گەنج، هەموو کات گەنج بەدەر لە ئینسانێك وەکو بوونەوەرێکی سێکسی سەیر کراوە بە هەردوو ڕەگەزەکەوە، نەك وەکو مرۆڤ، لە هەر دەزگایەکی یەکگرتوودا ئەگەر کوڕێك و کچێك بەیەکەوە بوەستن و بەیەکەوە و جیا لەوانی دی قسە بکەن تۆمەتبار کراون بەوەی پەیوەندی خۆشەویستیان لەگەڵ یەکتر هەیە، وەك ئەوەی پیەوەندی خۆشەویستی کوڕ و کچ یەکێك بێت لە تابۆیە هەرە گەورەکان و گەنج هیچ کێشەیەکی نیە تەنیا ئەمە نەبێت، زۆر جار ڕەنگە بۆ ڕاپەراندنی کارێکی حیزبی بە یەکەوە قسە بکەن، بەڵام ئەندامانی یەکگرتوو دیدگایان وایە کە نابێت و ناشێ کچێك و کوڕێك بەیەکە بوەستن و گفتوگۆ بکەن، یەکگرتوو لە حاڵێکدا ئەم دیدگایەی بۆ ئەندامانی دروست کردووە کە ناتوانێت چارەسەر بۆ کێشە سۆزداری و سێکسیەکانی ئەندامانی خۆشی دابنێ و ئاراستەیەکی دروستیان بکات، ئەمە وایکردووە کە چەندین ئەندام کاردانەوەیان هەبێت و واز لە یەکگرتوو بێنن، بە تایبەت لە دوای ئەوەی دەچن بۆ زانکۆ و ئەندامە کوڕەکان تێکەڵیەکی بێ سنووریان دەبێت لەگەڵ کچ و کچەکانیش هەروا لەگەڵ کوڕان بۆیە نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە بکەن، چونکە پێش چوونە زانکۆ دوو بوونەوەری تەواو دابڕاو بوونە لە یەکتر.

## -باڵەکانی ناو یەکگرتوو:

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لەناو یەکگرتوودا دوو باڵی سەرەکی هەیە لە پاڵ هەندێ هەوڵی تاکە کەسی بۆ دروستکردنی باڵی تایبەت بە خۆیان، ئەو دوو باڵەش باڵی بانگخوازە موحافیزکارەکان، کە زیاتر کەسە دیندار و بە تەمەنەکانی ناو یەکگرتوون، هەروەها باڵی دووەم چەند کەسێکی سیاسی و ریفۆرمخوازەکانن، ئەم دوو باڵە سەرەکیە بەتایبەت لە دوای ڕاگەیاندنی یەکگرتوو لە ساڵی(1994)ەوە زیاتر بەدەرکەوتن، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ ئەوە بزانین کەوا باڵی موحافیزکارەکان لە بڕیارە سیاسیەکان بەهێزترن لە ریفۆرمخوازەکان، ئەم باڵانە لە ئاستی سەرکردایەتی دەبینرێن و هەستی پێ دەکرێت بۆیە ئەندامانی خوارەوە بەشێوەیەکی گشتی لەم مەسەلەیە بێ ئاگان، هەرچەندە ڕەنگە نتوانین ناو لەو باڵانە بنێین"کوتلە"، چونکە تاوەکو ئێستا هیچ کامێکیان بە شێوەی کوتلە و (منظم) کاریان نەکردووە، بەڵام دەتوانین ناویان بنێن "باڵ"، چونکە دوو بیرکردنەوە و دوو ئاراستەی فیکری و کارکردنی جودایان هەیە، جیاوازی نێوان ئەو دوو باڵە لە مومارەسەی کاری یەکگرتوودا بەدەر دەکەوێت، زۆربەی ئەندامانی یەکگرتوو لە ناویشیاندا هەندێ ئەندامی باڵا پێیان وایە یەکگرتوو

بانگەواز و سیاسەتی تێکەڵ کردووە و لە یەکتر جیا بکرێنەوە باشترە، بەو واتایەی کاری خۆیان بە جیا لەوان بکەن، ئەمە بۆچوونی ریفۆرمخوازەکانە، هەرچەندە رەنگە سەرکردایەتی یەکگرتوو بە گشتی قەناعەتی بەم بۆچوونە نەهاتبێ، بەڵام ئەو ئەندامانە پێیان وایە یەکگرتوو تێکەڵ و پێکەڵیەکی زۆری کردووە لەم بوارەدا و دەبێ یەکگرتوو لەمەودوا ئەوە روون بکاتەوە کە ئاخۆ حیزبێکی سیاسیە یا رێکخراوێکی دەعەوییە یان هەردووکیانە بەیەکەوە، لەوانەیە ئەو تێکەڵیەش رێککەوتنێکی هاوبەشی هەردوو باڵەکە بێت یاخود هەردوو لا پێیان خۆشە ئاوەها کار بکەن، بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە کە یەکگرتوو مۆرکی حیزبێکی دەعەوی پێوە دیارە و زیاتر بانگخواز و واعیز بەرهەم دێنێ نەك کەسی سیاسی، بانگخوازەکانش باڵادەست و بڕیار بەدەستن و بەسەر راگەیاندن و سیاسەتی یەکگرتوودا زاڵن، ئەوەتا لە ژمارە(50)ی گۆڤاری (لڤین)دا م.مەولود باوەمرادی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو ئاماژە بەوە دەکات و خۆی دان بەوەدا دەنێت.

تا ئێستاش لەناو یەکگرتوودا بڕیارە سیاسی و چارەنووسسازەکان بەدەست ئەوانەیە کە شەونوێژیان زیاترە نەك ئەوانەی لە سیاسەتدا پرۆفیشناڵن و شارەزان، ئەوانەی دیندارن ئیعتیباریان زیاترە لەوانەی ماستەریان لە سیاسەتدا هەیە و دیندارەکان چانسی زۆرتریان هەیە بۆ چوونە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی.

## -یەکگرتوو و مەسەلە فیکرییەکان:

یەکگرتووی ئیسلامی لە سەرەتاوە وەکو هێزێکی فیکری خۆی نیشاندا لە تەك ناساندنی خۆی وەك هێزێکی سیاسی، وای نیشاندا کە هێزێکە دەیەوێت جگە لە گۆڕانکاری سیاسی گۆڕانی گەورەش بەسەر فیکردا بێنێت بەتایبەتیش فیکری ئیسلامی و بەرەو نوێبوونەوەی بەرێت، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت لە تەمەنی یەکگرتوو بۆمان دەرکەوت ئەمانە جگە لە قەبارە و سەنگی خۆ گەورەکردن هیچی دی نەبوو، دەنا ئەگەر وایە کوا بەرهەمە فیکری و مەعریفیەکانی ئەوان؟ کوان لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانیان؟ هەموو رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی یەکگرتوو هەڵبدەیتەوە چوار بابەتی بەپێزی فیکری و فەلسەفیت بەرچاو ناکەوێت کە بڵێین ئەمە بەرهەمی فیکری یەکگرتووە، کوا نووسین و لێکۆڵینەوەکانی یەکگرتوو لە بواری فیکری ئیسلامیدا؟ کوان ئەو ئەندامانەی یەکگرتوو کە لە فەلسەفە و فیکردا بتوانن بابەتی گرنگ بوروژێنن و گفتوگۆی جدی دروست بکەن؟ کوان ئەو نووسەر و بیریارانەی ئەو هێزە پێشکەشی کۆمەڵگای کوردی و جیهانی کردوون؟

یەکگرتووی ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی خۆی نەك هەر نەیتوانیوە گۆڕانی گەورە لە مەسەلە فیکریەکاندا بکات و گفتوگۆی جدی بێنێتە کایەوە، بەڵکو نەشیتوانیوە چەند کتێب و لێکۆڵینەوەیەکیش لەو بارەوە پێشکەشی کۆمەڵگا بکات، بۆیە بە تێڕامانێکی سادە بۆمان دەردەکەوێت یەکگرتوو ماوەیەکی زۆرە لە رووی فیکرییەوە ئیفلاسی هێناوە و هیچی تازەی بۆ کۆمەڵگای کوردی پێ نەماوە و ناتوانێ لە بواری فیکریدا پرسی گرنگ بخاتە روو و تاوتوێی بابەتە فەلسەفیەکان بکات و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی خۆی هەبێت لەسەریان و رۆشنبیرانی یەکگرتووش هەر وان، مەسەلەی حیزبایەتی زۆر بە لایانەوە گرنگە ترە لەم مەسەلەیە.

## -یەکگرتوو و پرسی ئۆپۆزسیۆن بوون:

بە بۆچوونی من لە بارودۆخی ئێستادا ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا هێزێکە گەورەتر و مەحکەمتر و پارەدارتر لە یەکگرتوو، پێچشم وایە ئەو هێزە هێشتا نەهاتۆتە بوون، یەکگرتووی ئیسلامی هەرگیز نەیتوانیوە و ناتوانێ ببێتە هێزێچکی ئۆپۆزسیۆنی کاریگەر لە کوردستان لەبەر چەندین هۆکار کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم:گوتاری یەکگرتوو هەرگیز گوتاری حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن نەبووە و هەردەم گوتارێکی کۆك بووە لەگەڵ گوتار و راو بۆچوونەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و نەیتوانیوە یا نەیویستووە گوتارێکی سەربەخۆ و جیای هەبێت و بە قورساییەکی زۆر و کاریگەرەوە گوتارەکەی دابەزێنێتە ساحەکە، بۆیە ناتوانین بڵێین گوتاری یەکگرتوو گوتارێکی ئۆپۆزسیۆنانەی هەبووە تاوەکو ئێستان چونکە هەردەم لە بەرەی دەسەڵاتدا بووە.

دووەم:یەکگرتوو لە دوای خۆ راگەیاندنیەوە تا پێی کرابێت و بەشداری پێ کرابێت چۆتە ناو حکومەتەوە، بیەوێ و نەیەوێ بەشێك بووە لە لار و لەوێری و گەندەڵیەکانی دەسەڵات لە کوردستاندا، لەبەرئەوەش زۆر دیفاعی لە دەسەڵات کردووە، ئەمەش ناتوانین ناوی بنێین هەڵس و کەوتی حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن، لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆن لە بری پاساو هێنانەوە بۆ کەم و کوڕیەکانی دەسەڵات بە پێچەوانەوە نیشانەی پرسیار دادەنێت لەسەر قسە و کردار و هەڵوێستەکانی دەسەڵات و خوازیاری وەڵامە لێی و دواتر وەڵامەکان بە رای گشتی رادەگەیەنێت.

سێیەم:بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی دوای(1994) یەکگرتوو توانایەکی ماددی ئەوتۆی نەبووە تا پێویستی بە پارە و پشتگیری ماددی حکومەت نەبێ، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە لەسەر هەڵوێستەکانی و نەیتوانیوە رەخنەی جدی ئاراستەی دەسەڵات بکات و ئۆپۆزسیۆنانە مامەڵە بکات.

چوارەم:یەکگرتووی ئیسلامی ترسێکی گەورە لە ناخیدا هەبووە و هەیە و بەسەریدا زاڵە، زۆرجار لە ترسی گیرانی ئەندامێکی یا چەند ئەندامێکی لە زۆر شت سڵی کردۆتەوە، ئەمە هەرگیز سیفەتی حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن نیە کە بیەوێت گۆڕان بخوڵقێنێ بی قوربانی دان.

پێنجەم:هەروەك پێشووتریش ئاماژەمان پێ دا یەکگرتوو نەیتوانیوە چەند کەسێکی وا بەرهەم بێنێ کە گفتوگۆی کاریگەر بێننە ئاراوە و ئۆپۆزسیۆنانە بدوێن و بنووسن و هەڵوێست وەربگرن.

شەشەم:دەزگاکانی راگەیاندنی زۆر بێ هێزن و تاوەکو ئێستاش رۆژ بە رۆژ بەرەو بێ هێزی دەڕۆن، لە رووی ئاینیەوە تەنیا وەعزیان پێیە و لە رووی سیاسیەوە جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ راگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتی و حکومەت.

بۆیە پێم وانیە یەکگرتوو لەبەر خاتری ئەوەی پێی بڵێن"ئۆپۆزسیۆن" واز لەو دەستکەوت و ئیمتیازاتانە بێنێ کە لە حکومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکان چنگی دەکەوێت، یەکگرتوو مەجبوور نیە پێ بڵێن ئیپۆزسیۆن، ئەوەتا خۆیان دەڵێن:ئێمە ئۆپۆزسیۆن نین، بەڵکو بەشدارین لە حکومەت، هەرگیز تۆ ناتوانیت بەشدار بیت و ئۆپۆزسیۆنیش بیت لە هەمان کاتدا.

لەبەرئەوە باوەڕناکەین یەکگرتوو بتوانێت ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەر لە کوردستادا و ئۆپۆزسیۆنانە مامەڵە بکات، لەوانەشە لە حاڵی ئێستادا نەیەوێت وەك ئۆپۆزسیۆن بناسرێت، ئەمە خاڵێکی هەرە دیار و کاریگەری لاواز بوون و داکشانی یەکگرتوو بووە و دەبێت لە داهاتوودا، ئەگەر هەر وا بڕوات پێشبینی دەکرێت بەرەو داکشان یەکجار کوشندە بڕوات.

پرسی ئۆپۆزسیۆن بوونی یەکگرتوو جگە لە یۆتۆپیایەکی گاڵتە ئامێز هیچی دی نەبوو، خەونێك بوو یەکگرتوو دەیبینی کە ئەو ببێتە گەورەترین حیزب لە کوردستان و خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆ ببێتەوە، بەڵام دواتر هەر خۆیان بۆیان دەرکەوت ئەوەی ئەوان بیری لێ دەکەنەوە زۆر لە توانا و قەبارە و هێزی ئەوان گەورەترە، ئێستا یەکگرتوو باش ئەوە دەزانێت کە ناتوانێ ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و کاریگەر لە کوردستان، ئەگەر یەکگرتوو لە داهاتوودا لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام بێت و هەر وا لەبەر دەسەڵات بێ چاوەڕێ دەکرێت ئەندام و لایەنگرێکی زۆر لەدەست بدات، چونکە چیدی خەڵك متمانەیان پێی نامێنێ بۆ ئەوەی ببێتە زمانحاڵی ئەوان، هەروەك چۆن خەڵکی متمانەیان بە حیزبە کوردیەکانی دیکە نەماوە، یەکگرتوو دەبێت بۆ لەمەودوا بە جدی بیر لەو مەسەلەیە بکاتەوە، ئەگەرنا رەنگە هەرەس و دارمانێکی ئەوتۆ لە ریزەکانیدا رووبدات کە هەرگیز بیری لێی نەکردۆتەوە و پێشبینیشی نەکردووە.

ئەگەرێکی تری خۆ بە ئۆپۆزسیۆن ناساندنی یەکگرتوو لە سەرەتاوە رەنگە بۆ کۆ کردنەوەی زۆرترین ئەندام و لایەنگر بووبێت و ئەو بابەتەی وەکو تاکتیکێك بەکار هێنابێت، دوای کۆ کردنەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندام و لایەنگر چووە ناو دەسەڵاتەوە، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن نەبوون لای یەکگرتوو ستراتیژە دەبووایە هەر لە سەرەتاوە خۆی وەك هێزێکی ئاسایی ئەم کوردستانە بناسادایە، بە بۆچوونی من ئەگەر خۆی وا نیشاندابا ئەو جەماوەر و ئەندامەی ئێستای نەدەبوو، تاکە هەڵوێستی یەکگرتوو بە درێژایی ئەو چەند ساڵە کە دەتوانین پێی بڵێین ئۆپۆزسیۆنانە بووە بەشدار بوونی بوو لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراقلە 2005 بە لیستێکی جیا لەوانی تر، بەڵام دەبینین دوای ئەوەش یەکگرتوو دوای ئەو رووداوە دڵتەزێنە کەوا لە دهۆك بەسەریدا هات لەو مەسەلەیە پاشەکشێی کرد و چیدی دروشمی "دژە گەندەڵی" بەرز نەکردەوە لە دوای ئەو رووداوە لە ترسی دووبارە بوونەوەی، بۆیە ئەگەر یەکگرتوو لەو بوارە هەنگاوێك بۆ پێشەوە چووبێت، دوای ئەو رووداوە دەیان هەنگاو بۆ پاشەکشێی کردووە.

## -راگەیاندنی یەکگرتوو... قۆرخکارییەکی بێ تام:

راگەیاندن لەناو یەکگرتوودا جیا لە هەر حیزبێکی دی شێواز و فۆرمێکی تری هەیە، بەوەی کە جگە لە بەرپرسی راگەیاندن کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیە زۆر جار ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسی و کادیرانی خوارتریش هەمان وەزیفەی بەرپرسی راگەیاندن دەبینن، بەڵام نەك بۆ جێ بەجێکردن و راپەڕاندنی کارەکان، بەڵکو بۆ ئاڵۆزکردن و دەستوەردان لە کارەکان، بۆ نموونە لە کەناڵێکی TV یان رۆژنامەیە ......، من بە کردەیی ئەمەم بینیوە لە ماوەی کارکردنم لە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکگرتوودا، هەروەها سنوورداری و سانسۆر و ترسێکی زۆر هەیە، سانسۆرێك تا ئەو پەڕی، لە پاڵ ئەمەشدا قۆرخکاریەکی بەرچاو هەستی پێ دەکرێت.

راگەیاندنی یەکگرتوو بەرجەستەیەکی هەمان ئەو حاڵەتی ترس و شەرمەیە کە لە کۆی کار و جووڵەی ئەو حیزبەدا بە درێژایی تەمەنی هەبووە، قۆرخکاری لە راگەیاندنی یەکگرتوودا شتێکی حاشا هەڵنەگرە و هەموو دەم بینراوە، هەر لە قرخکاری پۆستی ناو دەزگا راگەیاندنەکانەوە بگرە کە هەندێك جار کەسێك لە یەك دەزگای راگەیاندن سێ مووچەی هەیە تا قۆرخکاری لە پێشکەشکردنی بەرنامەکانی رادیۆ و TV و ......هتد، بۆیە پێم وایە ئەو قۆرخکاریە بۆتە بکوژی رۆحی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکگرتوو و رۆژ بە رۆژ لاوازتری دەکەن، تا حاڵی هەفتەنامەی یەکگرتوو وای لێهاتووە ناتوانن مانشێتی لاپەڕەی"یەك" دروست بکەن کە کاریگەرترین شتە لە هەر رۆژنامەیەکدا، ئەو هەفتەنامەیە کەمترین فرۆشی هەیە لە ناو رۆژنامە کوردیەکان و خەریکە بەرەو پوکانەوە دەڕوات، هەروەها دەزگاکانی تریش وەکو TV و

رادیۆ جگە لە دوو بارەکردنەوەی بەرنامە سواوەکان و کەسەکان و وەعز و ئیرشاد شتێکی تریان پێ نیە، بەتایبەت بۆ سەردەمی ئێستا و جیهانی تازە، وەعز لە راگەیاندنی یەکگرتوودا زۆرترین پانتایی داگیر کردووە، دەتوانین بڵێین سیاسەتی یەکگرتوو وایە ئەوەندەی کار لەسەر دروستکردنی واعیز دەکات بە چارەگی ئەوە کار ناکات بۆ دروستکردنی کەسانی فیکری و سیاسی.

## -ڕێکخستن وەك قاڵبێكی ئامادە:

یەکێك لەو فاکتەرە هەرە سەرەکیانەی وای کردووە ئەندامانی یەکگرتوو دوای ماوەیەك لە بە ئەندامبوونیان وکارکدنیان لەناویدا، بێزار بن و بیر لە وازهێنان بکەنەوەتوندی و وشکی سیستم و شێوازی ڕێکخستنی یەکگرتووە، پێم وایە لەمەدا زەرەری کردووە نەك قازانج، یاخود بەلایەنی کەمەوە زەرەری زیاتر بووە لە سودەکانی، یەکگرتوو توندترین و وشکترین ڕێکخستنی هەیە، کۆمەڵێك وێستگەی هەیە لە ڕێکخستنەکانی کە دەرچوون لێیان زۆر زەحمەتە و ئەندامانی زوو هەست بە شەکەتی و بێزاری دەکەن، بۆیە یەکگرتوو لە رووی کادیری کاراو بە توانا حیزبێکی هەژارە، پێشم وایە توندی وشکی ئەو ڕێکخستنە بۆ واعیز و کەسە موحافیزکارەکان دەگەڕێتەوەی، چونکە ئەوان لە دانانی پرۆگرامی ئەندامێتی دەستێکی بالآیان هەیە، هەر ئەمەشە وای کردووە ڕێکخستنەکانی یەکگرتوو ناتوانێ لەگەڵ ئەم سەردەمە خۆی بگونجێنێ و نەرم و نیانی(مرونە)ی هەبێ، چونکە بە عەعەقڵیەتێك نوسراوە کە بە شێوەیەکی نموونەیی"میپالی" تەماشای ژیان دەکات و عەقڵێکی سەدەی رابردوو ئەم پرۆگرامەی داناوە و دادەڕێژێتەوە،

ڕێکخستنەکانی وەکو قالبێکی ئامادەکراون و هەر کەسێك بەر لە ئەندام بون و دوای بە ئەندام بونیش دەبێ پیایاندا تێپەڕێت کە لە دواجاردا کەمترین و بەرتەسکترین بوار بۆ جیاوازی فیکری و رەخنەو سەربەخۆیی هەڵوێست ناهێڵێنەوە، لەبەر ئەوەشە تۆ نابینی ئەندامێکی یەکگرتوو بتوانێ لە بواری فیکر و سیاسەتدا رۆڵێکی کاریگەری هەبێت، جگە لەمانەش ڕێکخستنی یەکگرتوو هەردەم تاکێکی بێ پرسیار و بێ هەڵوێست و ترسنۆك بەرهەم دێنێت، تاکێکی وا کە لە هەموو شتێك سڵ بکاتەوەو نەتوانێ خاوەنی خۆی بێت و خوێندنەوەی بۆ رووداوو دیاردەکانی دەوروبەری هەبێت، ئامادەگیت لەناو ریزەکانی ڕێکخستنەکانی یەکگرتوو وات لێدەکات هەمیشە هەست بە کەم و کوڕی بکەیت لە خۆتدا و هەرگیز هەست بە گەورەیی خۆت نەکەیت، چونکە هەمیشە تاوانباریت و کەسێکی لاداریت و پێویستیت بە وەعز هەیە بۆ راستکردنەوەت.

ئەگەر بتەوێت قسەبکەیت و رەخنە بگریت دەبێت لەو روانگەیەوە بێت کە هەموومان کەم و کوڕیمان هەیە، ئەمە وەك پرنسیپێکی ئیسلامی شتێکی ترە، بەڵام پێم وایە ئەم مەسەلەیە ئەوەندەی بۆ مەرامی سیاسی و سنوردار کردنی رەخنەو شاردنەوەو پەردە پۆش گەندەڵی و کەمو کوڕیەکان زیاتر هیچی دی نیە، دەنا بۆ لەکاتی هەر رەخنەیەکی جدی کە لە قسەی یا هەڵوێستی کەسێك دەیگری بە تایبەت لەوانەی کە پۆستی بالآیان هەیە بەر لەهەموو شتێك پێت دەڵێن دەبێ ئەوەت لەبەرچاو بێت هەموو ئینسانێك کەم و کوڕی هەیە و تەنها زاتی خودا کەماڵە، بەم قسانە شەرعیەت بە کەم و کوڕییەکان دەدرێت و رەنگە پەرەشی پێبدرێت لەژێر ئەم پاساوانە.

ڕێکخستنی یەکگرتوو ئەوەندەی کوشتنی رۆحی تاکە نیو هێندە دروستکردنی تاکێکی تەندروست و ئازاد نیە، تاك لە ریزەکانی ڕێکخستنەوە فێردەکرێت کە دەبێت دەستەمۆی حیزب بێت، هەر کاتێکیش بینیتان ئەندامێکی یەکگرتوو هەڵوێستێکی هەبوو لە رۆژنامەیەك لێدوانێکی دا بە تایبەت ئەندامە بەرزەکان تا حەددێك یەکانگیر نەبوو لەگەڵ گوتاری دەسەڵات و دوو حیزبەکە ئەوا بزانن بە ئیعازی حیزبە نەك هەڵوێستی تاکە کەسی بێت، جا یا ئەوەتا حیزب بەرژەوەندییەکی کەوتۆتە مەترسیەوە یانیش دەیەوێت شتی زیاتر بەدەست بێنێت.

بۆیە ئێستا ئەندامانی یەکگرتوو پڕ پڕن لە بێزای و توڕەیی لەو ڕێکخستنە و شێوازی کارەی یەکگرتوو، بۆیە دەبێت ئەو حیزبە هەست بەوە بکات کە بەردەوام بونی لەسەر ئەم فۆڕمە بەرەو داڕمانێکی یەکجار کوشندەی دەبات تا سنوری لاواز بونێکی گورچك بڕ بۆی.

## - پرسی گۆڕان و نوێ بوونەوە لە ناو یەکگرتوودا:

یەکگرتوو حیزبێکی دۆگمایە و گۆڕانکاری و نوێ بونەوە زۆر بە زەحمەت تێیدا روو دەدات وەك هەموو حیزبە کوردییەکانی تر کە لە نوێبونەوە زۆر دەترسن، دەبینین 13 ساڵە خۆی راگەیاندووە کەچی ئەمیندار هەر هەمان ئەمینداری سەرەتایە و سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیسش گۆڕانکارییەکی یەکجار کەمیان تێدا کراوە، وەکو حیزبە کوردییەکانی دیکە یەکگرتووش کۆنگرە و کۆنفرانس و هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی شکلین و لە تواناياندا نیە گۆڕانی گەورە بخولقێنن لەو حیزبەدا، دیارە کە گۆرانکاری بەردەوام فاکتەری هەرە سەرەکی بەرەو پێشچون و نوێبونەوەو مانەوەی هەر حیزبێکە، بەڵام ئەگەر حیزبێك گۆڕانی تێدا نەکرا یا بە زەحمەت ئەو گۆڕانە روویدا ئەوا بێگومان بەرەو پوکانەوەو داکشان دەڕوات و سەنگ و کاریگەری نامێنێ و پەشەکشێ دەکات، دەتوانین بڵێن یەکگرتوو توشی ئەم حالەتە بووە خەریکە ئەو حیزبەش وەکو حیزبە کوردییەکانی تری باشوری کوردستان کاردەکات لەسەر دروستکردنی چەند رەمزێکی دیاری کراو و هەوڵی زەق کردنەوەیان دەدات، بێگومان ئەم حالەتی دۆگماییەش بێزاری و توڕەیی لەناو ریزەکانی یەکگرتوودا دروست کردووە. یەکگرتوو ئەگەر

دەیەوێت کاریگەری هەر بمێنێ دەبێ سوود وەرگرێ لە ئەزمونی حیزبی داد و گەشەپێدانی تورکی کە حیزبێکی ئیسلامین و ئێستا کۆنترۆڵی پەرلەمان و حکومەتی تورکییان کردووە ئەو حیزبەی کە چەندین جار هەڵوەشێندراوەتەوەو دوبارە بەناوی تر خۆی ڕێکخستۆتەوەو لە ژێر سەرکردایەتیەکی تر، ئەو حیزبەی کە دەتوانێت لەگەڵ هەموو پێك هاتەکانی تورکیا هەڵبکات بێ ئەوەی بارگرژی دروست بکات، بەڵام قەت باوەڕناکام ئەگەر سبەی یەکگرتوو بارودۆخێکی وەکو حیزبی "ڕەفا" ی بەسەر بێ بتوانێ بەو شێوازە خۆی ڕێکبخاتەوەو دوبارە بێتەوە ناو گەمە سیاسیەکان بە سەنگێکی زۆرەوە.

## -هەولێری یەکانی ناو یەکگرتوو و پەراوێزخستنێکی بەردەوام:

لەبەرئەوەی لە سەرەتای دروست بوونی یەکگرتوو لە هەڵەبجە بووە، تا ئێستاش زۆرینە لەناو یەکگرتوودا هەڵەبجەیی یەکانن و بڕیار بەدەستی ئەوانن، هەولێر بەو گەورەیی یەی خۆی تەنیا یەك ئەندامی لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی هەیە کە ژمارەیان"35"کەسە، لە ناو خودی یەکگرتوودا لەیەسەر ئەم مەسەلەیە بۆچوونی جیا جیا هەیە، هەندێك پێیان وایە ئەو نا ئامادەیی یەی هەولێریەکان حاڵەتێکی ئاسایی یەو پێویست ناکات ئەوەندە گەورە بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت، چونکە پێیان وایە هەولێرییەکان خۆیان کەسی زیرەکیان کەمە کە بۆ پۆستە پلە یەکەکانی ناو یەکگرتوو بشێن، ئەمە زیاتر بۆچوونی هەڵەبجەیی و سلێمانیەکانیەکانە، لە بەرامبەر ئەمەشدا بۆ چوونێکی تر هەیە کە پێی وایە یەکگرتوو هەولێریەکانی پشت گوێ خستووە و گرنگیان پێ نادات، دەنا هەولێریەکانیش هیچیان کەمتر نیە لە خەڵکانی تر، ئەوان پێیان وایە ئەگەر یەکگرتوو ئەندامی هەولێریی داتاشیبێ بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەبێ بیکات و چیتر هەولێرییەکان فەرامۆش نەکرێن، ئەمە بۆچوونی ئەندامە هەولێرییە پلە بەرزەکانە، خاوەن ئەم بۆچوونەی دووەم هەولێریەکان بە ستەملێکراو دەزانن لە ناو یەکگرتوودا و پێیان وایە گرنگییەکی لە ڕادە بەدەر بە دەڤەری سلێمانی و بە تایبەتیش حەوزەی هەڵەبجە دراوە و هەموو پۆستە گرنگەکان لە دەستی ئەواندان، زۆر جار سلێمانیەکان هەولێریەکان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لە کۆنگرەکانی حیزبدا یەك هەڵوێست نین و ناتوانن کاندیدی خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ سەرکردایەتی، هەندێك جار بۆ نوکتە و پێکەنین دەگوترێ هەر کۆنگرەیەکی یەکگرتوو چەند ئەندامی هەولێری تێدابێ زۆربەیان خۆیان کاندید دەکەن بۆ سەرکردایەتی و لە ئەنجامدا کەسان دەرناچن، ئەمە سەرەکیترین هۆکارە بەلای سلێمانیەکانەوە کە هەولێریەکان چانسی چوونە سەرکردایەتیان کەمە، سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەوە ناگەیەنێ یەکگرتوو توانیویەتی هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان دەڤەرەکانی کوردستان، بەڵکو ئەو لاسەنگی و فەرامۆشکردنی هەولێریەکان بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت.

## -بێ بەها بوونی تاك لە ناو یەکگرتوودا:

تاك لەناو یەکگرتوودا خەریکە بەرە بەرە بێ بەها دەبێت و پەراوێز دەخرێت، لەبەرئەوەی یەکگرتوو سیاسەتێکی مەرکەزی توندی هەیە، تاك گوشارێکی زۆری لەسەرە بۆ ئەوەی خاوەنی کەسایەتی خۆی نەبێت و قسە و کردەوەی سەربەخۆی نەبێت، خەریکە یەکگرتوو لە تاك موستەغنی دەبێت، بە تایبەت لە ئەندامە ئاسایییەکانی، چاودێری و ترێکی زۆر هەیە لە جوڵە و هەڵسوکەوتەکانی هەر کەسێك لەناو ئەو حیزبەدا و پەراوێز دەخرێت کەچی کە واز لە یەکگرتوو دێنێت دەبێتە نووسەرێکی گەورە یا گۆرانیبێژێکی ناسراو یا ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگ یا بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنێك یا بازرگانێکی لێهاتوو......هتد

ئایا یەکگرتوو قەت ئەو پرسیارەی لە خۆی کردووە ئاخۆ تاك بۆ لەناو ئەو حیزبەدا هێندە پەراوێز خراو و بێ نرخە، کەواز لە یەکگرتوو دێنێ هێندە گەورە و بەناوبانگ دەبێت؟

ئایا لەخۆی پرسیوە بۆچی ئەوەندە کەمتەرخەمە لە بەرامبەر ئەندامانی و هەرگیز گوێیان بۆ ناگرێت و بێ منەتە لێیان؟

یەکگرتوو سەردەمانێك هەر باسی زۆری ژمارەی ئەندامانی دەکرد و شانازی پێوە دەکرد، بەڵام دەبێ ئەوە باش بزانێت کە ئیدی ئەو شانازیە بۆتە بەشێك لە مێژوو و دووبارە بوونەوەی لە داهاتوودا ئەستەمە.

## -یەکگرتوو ... بەرەو داڕمانێکی کوشندە:

لە تەوەرەکانی پیچشوو باسی زۆر شتمان کرد کە دەشێ بڵێین هۆکارەکانی لاواز بوونی یەکگرتوون، لێرەدا گرنگە بپرسین: ئاخۆ ئەو حیزبەی ڕۆژانێك بە خێرایی یەکی زۆر بەرەو هەڵکشان دەچوو بۆچی وا بەرەو داکشان و پوکانەوە دەڕوات؟!

ئایا هۆکارە گرنگەکان چین و چەندانی یەکگرتوو خۆی لێیان بەرپرسیارە و چەندانی لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی ئەو دان، لێرەدا هەوڵ دەدەین گرنگترینی ئەو هۆکارانە بە کورتی بخەینە ڕوو:

یەکەم: وشکی و لاوازی ڕێکخستنەکانی یەکگرتوو و کارکردنیان لەسەر دروستکردنی کارەکتەرێکی کۆنترۆڵکراو و بۆ هەڵوێست و بێ گۆ.

دووەم: لاوازی باری دارایی ئەو حیزبە و ئەندامانی کە ناتوانیٚ رکابەری دوو حیزبەکەی تر بکات، لەبەرئەوە توانا و کار و جوڵەکانی یەکجار سنووردار و کورت مەدان، بۆ نموونە: هەر لەبەرئەم هۆکارە تا ئێستا نەیتوانیوە سەتەلایتێك دابنیٚ کە چەندین ساڵە ئامادەکاری بۆ کراوە.

سێیەك: کاڵ بوونەوەی بەها ئیسلامیەکان و زاڵ بوونی رۆحی حیزبایەتی و تاك گەرایی لەناویدا.

چوارەم: بیٚ هێزی و کەم توانایی راگەیاندنیان و مۆنۆپۆڵ کردنی لە لایەن هەندیٚ کەسی دیاریکراوەوە.

پێنجەم: نەهاتنە کایەی گۆڕانکاری بەرچاو و کاریگەر لەو حیزبەدا و چەقبەستوویی و دۆگمایی و مەنگ بوونی لە یەك فۆرم و قاڵبدا.

شەشەم: بیٚ هێزی ئەو حیزبە لە رووی فیکری.

حەوتەم: زاڵ بوونب باڵی موحافیزکارەکان بەسەر بڕیارە سیاسیەکانی یەکگرتوو بە گشتی.

هەشتەم: چوونە بەرەی دەسەڵات و پیش کردنە جەماوەر، بە واتایەکی تر بیٚ خەم بوونی لە ئاست خواست و داواکاریەکانی خەڵك و نەبوونی هیچ هەڵویٚستێك لە بارەیانەوە لەبەر خاتر لەدەست نەدانی پۆستە حکومیەکانیان.

نۆیەم:کەمی کادیری بە توانا و کەم توانایی بۆ دروستکردنی کادیری بەهێز، لەبەرئەوەشە هەندێك کەس پۆستی گرنگ وەردەگرن لە ناو یەکگرتوودا ئاستی رۆشنبیریان زۆر نزمو.

دەیەم: دروست بوونی موناسەیەکی بێتام لە نێوان هەنیٚ لە ئەندامانی یەکگرتوو، هەندیٚ جار ئەمە لەسەر ئاستی بەرزیش دەبینرێت.

یانزە: بەرتەسك کردنەوەیەکی یەکجار زۆری پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ و بە گومانەوە سەیر کردنی هەموو گەنجێك لە هەردوو رەگەزەکە بەبیٚ ئاراستە کردنێکی دروست.

دوانزە: پەراویٚز خستنی گەنج لە پۆستە حیزبیە گرنگەکاندا، وەك سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی تا ئاستی مەڵبەندەکانیش.

سیانزە: نە بوونی گوتارێکی سەربەخۆ و کاریگەر و ئۆپۆزسیۆنانە.

چواردە: هەوڵدانێکی یەکجار زۆر بۆ پەردەپۆشکردن و شاردنەوەی هەموو ئەو راستیانەی کە باسمانکرد لە سەرەکیترینی ئەو هۆکارانەیە کەوا یەکگرتوو بەرەو داڕمان و لەناوچوون دەبات.

ئەوەی لە سەرەتاوە خوێندنەوەیەکی وردی بۆ ئەو حیزبە هەبوبیٚ و بە تێڕوانینێکی دوور مەدا لیٚی روانیبیٚ ئەو داکشانەی پێشبینی کردووە کە ئیستا یەکگرتوو توشی هاتووە، داڕمان و کەمبوونەوەی قەبارە و سەنگی ئەو حیزبە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە کار و جوڵە و هەڵس و کەوتەکانی ئەو حیزبە بوون و شارەزاییان لیٚی هەبوو.

<u>**تێبینی**</u>: ئەم بابەتە پێش کۆنگرەی قاهیرە نووسراوە-ئەو کۆنگرەی کە بە ئامادەبوونی چەند سەرۆك جاشێك لە قاهیرە بەسترا، رەنگە لە دوای ئەو کۆنگرەیە دیدگاکان بە جۆرێکی جیاوازتر لە پێشووتر لە یەکگرتوو بڕوانن، من هەوڵ دەدەم ئەگەر تەمەن ریٚی دام لە بابەتی داهاتوو خوێندنەوەیەکی تایبەت لەسەر کۆنگرەی قاهیرە و بەشداری یەگکرتوو لەو کۆنگرەیە و دەرهاویشتەکانی ئەو کۆنگرەیە بنووسم.